# هەڤاڵ ئیبراهیم:
# سپۆنسەری بازرگانی تاکە هۆکاری بەردەوام بوونی هونەرمەندانە



**ماوەیەك بەر لە ئێستا هونەرمەندی لاو هەڤاڵ ئیبراهیم سیدییەکی نوێی بڵاوکردەوە بە ناوی (٤) کە ژمارەیەك گۆرانی لە خۆ دەگرێت و کۆمپانیایەکی بازرگانی ئەرکی سپۆنسەری ئەم بەرهەمەی لە ئەستۆ گرت کە ئەمەش یەکەمجارە ئەم کارە لە کوردستان ئەنجام دەدرێت، سەبارەت بەم بەرهەمە هەڤاڵ ئیبراهیم لە نزیکەوە بەم شێوەیە بۆ گوڵان هاتە ئاخافتن.**

بۆ یەکەمجارە کۆمپانیایەکی بازرگانی کە کاری هونەری ئەنجام نادات سپۆنسەری کردنی بەرهەمی هونەرمەندێك لە ئەستۆ دەگرێت، دەربارەی گرێبەستەکە هەڤاڵ دەڵێت: ئەم گرێبەستەی نێوان من و کۆمپانیای باجگر لە ڕێگای کۆمپانیای ئاکشن پرۆدەکشنەوە بوو، کە گشت کارە هونەرییەکانی من لە بواری مارکتینگ ڕادەپەڕێنێت، زۆر خۆشحاڵم بەم ئەزموونە، چونکە لە کوردستان ئەمە ئەزموونێکی نوێیە، گرێبەستەکە بۆ ماوەی یەك ساڵە کە ئەنجامدانی چەند ریکلامێك و بەرهەمهێنانی سێ کلیپ و چەند کۆنسێرتێك دەگرێتەوە و هەموویان بە سپۆنسەری کۆمپانیای باجگرە واتە لە هەمووی یەك ساڵدا هەر کارێك ئەنجام بدەم دەبێت لۆگۆی مارسیدس بێنزی لەسەر بێت.

هەڤاڵ ئیبراهیم کارکردنی نێوان کەرتی تایبەت و هونەرمەندان بە هەنگاوێکی باش دەزانێت بۆ ئەوەی هونەرمەندان بەردەوام بن لە کارەکانیاندا و دەڵێت: پێموایە بوونی سپۆنسەری بازرگانی تاکە چارەسەرە کە هونەرمەند بتوانێت پەنای بۆ بەرێت تاکو لەکاری هونەری بەردەوام بێت، ئەم سیستمە لە هەموو دنیا کارێکی باوە و هونەرمەندان پەنای بۆ دەبەن، هونەرمەند و کۆمپانیاکان تەواوکەری یەکدین، ئەوان پێویستیان بە هونەرمەند و ریکلام هەیە، هونەرمەندیش پێویستی بە کۆمپانیاکان هەیە بەتایبەتی لە پاڵپشتی کردنی ماددی، بۆ ئەوەی بتوانێت کار بکات و دانەبڕێت، لە هەمان کاتدا بەرهەمی باشتر و نایابتر پێشکەش بکات

تاکو زۆرترین جەماوەری هەبێت ئەمەش خۆی لەخۆیدا هۆکارێك دەبێت تا کۆمپانیاکان هەوڵی گرێبەستیان لەگەڵدا بدەن، هەڤاڵ ئاماژە بەوە دەکات کە ئەرکی رۆشنبیریی لە هەموو دنیا دیارە و بریتییە لەوەی کە گرنگی بە کاری فۆلکلۆر و کلتووری و رەسەن بدات، سەرەڕای ئەمە وا پێویستە وەزارەتی رۆشنبیری گرنگیی زیاتر بە هونەرمەندان بدات، چونکە زۆر شت هەیە پێویست بوو وەزارەت بۆ هونەرمەندان فەراهەمی بکات. بەداخەوە نەیکردووە، بۆ نموونە تا ئێستا وەزارەتی رۆشنبیری نەیتوانیوە مافی هونەرمەندی کورد بپارێزێت و کۆنترۆڵی دیاردەی کۆپی کردن بکات یان دەزگایەکی تایبەتی هەبێت کە پشتیوانی لەو هونەرمەندە گەنجانە بکات کە خاوەن پێگەیەکی جەماوەری دیار و بەرچاون، راستە وەزارەت چەند کارێکی ئەنجامداوە، بەڵام پێموایە ئەمەش وەکو پێویست نییە و زۆر کەمە یان بەشێوەیەکی درووست ئەنجام نەدراوە، لێرەدا دەمەوێ ئاماژە بە شتێك بکەم کە ئێستا لە گۆڕەپانی هونەری کوردیدا هەیە، ئەویش ئەو بێ سەروبەرییەیە کە هەموو لایەك بە ئاشکرا هەستی پێدەکەن، لە هەموو وڵاتان حکومەتێك هەیە کە بەرپرسە لە جێبەجێکردنی ئەو یاسایانەی هەن و هاووڵاتیانیش پابەند دەبن بە یاساکان، هۆکاری ئەم بێ سەرووبەرییە بۆ چەند لایەنێك دەگەڕێتەوە لەلایەنی هونەرییەوە بە پلەی یەك بۆ وەزارەت و ئەو دەزگا هونەرییانەی سەر بە حکومەتن، چونکە ئەوان خاوەن دەسەڵاتن، لەلایەکی دیکەشەوە بەشێکی بۆ خودی هونەرمەندیش دەگەڕێتەوە، لە هەمان کاتدا جەماوەر و ئەو کەسانەی بازرگانی بە هونەرەوە دەکەن ئەوانیش بەشی خۆیان بەرپرسیاریەتییان دەکەوێتە ئەستۆ. نابێ رۆڵی میدیاکانیش لە بیر بکەین لە پێشخستنی هونەردا و بەلای من رۆڵێکی زۆر سەرەکی دەبینن لەم بوارەدا. هەڤاڵ ئیبراهیم ئاماژە بەوە دەکات کە ئێمە وەك کورد تا ئێستا خاوەن کەناڵی هونەری پرۆفیشناڵ نین، هەرچەندە ئەوەی من تێبینیم کردبێت کارە هونەرییەکانی من لە هەموو کەناڵەکاندا زۆر بە باشی پەخش دەکرێن.دوو جۆرە کەناڵی هونەریمان هەیە بەشێکیان بازرگانین و بەشەکەی دیکەیان بە حکومەت و حزبەکانەوە گرێدراون، سەبارەت بە کەناڵە بازرگانییەکان، پەخش کردنی بەرهەمە هونەرییەکان دەمینێتەوە لەسەر ئەو رێکەوتنەی کە لەنێوان کەناڵەکە و هونەرمەندەکان هەیە.

ئایا جەماوەر چ رۆڵێکی هەیە لە نەهێشتنی ئەم بێسەرووبەرییە یان خۆی بەشێکە لەوەی ئێستا هەیە بەتایبەتی ئەوەی پێوەندی بە کۆپی کردنی بەرهەمە هونەرییەکان و نەپاراستنی مافی هونەرمەندانەوە هەیە، هەڤاڵ زیاتر دەڵێت: جەماوەری کوردیش زۆر مەغدورە و بەشێوەیەکی ئەوتۆ پەروەردە نەکراوە لەرووی موزیك و گۆرانییەوە و رۆشنبیری موزیکی جەماوەر زۆر کەمە ئەمەش لە ئەنجامی ئەو بارودۆخەی لەدوای ١٩٩١ بەسەر کوردستاندا هات و تا ئێستاش ئێمە لە هەوڵی ئەوەداین وڵاتەکەمان زیاتر سەقامگیر بێت، ئەمانە کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر ئەوە هەیە کە جەماوەر گوێی موزیکی هەبێت و گرنگی پێ بدات و درك بە رۆڵی موزیك بکات لە کۆمەڵگا و چەند گرنگە، لە هەمان کاتدا چێژ لە هونەر وەربگرێت و سوودێکی بۆی هەبێت، چونکە هونەر و موزیك زۆر گرنگن لە ژیانی هەر کەسێکدا و کاریگەریی بەسەر هەموو هەستەکانی مرۆڤەوە هەیە، ئەگەر باس لە کوردستانی عێراق بکەین دەبینین ژمارەی دانیشتوانی کوردستان خۆی زۆر نییە و بە رەچاوکردنی تەمەن دەبینین ژمارەی ئەو کەسانەی کە بە جەماوەری هونەرییان ناو بنێین زۆر نییە، لە بەرامبەردا ژمارەی هونەرمەندان زۆر زۆرە بە بەراورد لەگەڵ ژمارەی دانیشتوان ئەمەش کاریگەرییەکی زۆری هەیە بۆ پێشکەوتنی هونەری کوردی لەم پارچەیەی کوردستاندا، هەروەها تا ئێستا کێشە و گرفتی کۆمەڵایەتیشمان هەیە کە ئاستەنگن لەبەردەم هونەرمەند، بۆ نموونە تا ئێستا سازدانی ئاهەنگ جۆرێکە لە شەرم کردن و هەموو هونەرمەندێك ئامادە نییە لە ئاهەنگەکان گۆرانی بڵێت مەگەر لە ئاهەنگ و بۆنە رەسمییەکان نەبێت، بۆیە دەتوانم بڵێم زۆر شتی باوی ناو کۆمەڵگا کاریگەری لەسەر هونەر هەیە و تا ئێستا هونەر بە گشتی نەبۆتە بەشێك لە ژیانی خەڵك، بەڵام سەرەڕای ئەمەش هونەرمەندە باش و بە تواناکان خاوەن جەماوەرێکی زۆرن هەر ئەمەشە وایکردووە بەردەوام بن لە کارەکانیاندا، چونکە هونەر بۆ جەماوەرە.



ماوەیەکە لای زۆر لە هونەرمەندان دووبارە وتنەوەی گۆرانییە کۆنەکانی هونەرمەندان کە پێشتر وتراون وەك نەریتێکی لێهاتووە و بە دەگمەن بەرهەم هەیە کە گۆرانییەکی کۆنی تێدا نەبێت بە دابەشکردنێکی نوێوە، سەبارەت بە لایەنە سلبی و ئیجابییەکانی ئەم دیاردەیە، هونەرمەند هەڤاڵ ئیبراهیم دەڵێت: لایەنە ئیجابییەکانی، بە رای من ئەوەیە هونەرمەند گۆرانییەکە ئەرشیف دەکات، چونکە گۆرانیی فۆلکلۆری ئەوەیە کە نەوە دوای نەوە دەوترێتەوە و کەسیش نازانێت کێ خاوەنی پەیف و ئاوازەکەیە و لەبەر ئەوەی گۆرانییەکە خۆشە و کەوتۆتە سەر زاری خەڵك بۆیە ماوە و لەناو نەچووە، پێموایە کارێکی باشە ئەگەر ئەم جۆرە گۆرانییانە دووبارە بکرێنەوە و گرێدراوە بە گۆرانی کوردی بەشێوەیەکی تایبەت، لایەنە سلبییەکەی ئەوەیە کە گۆرانییەکە خۆی خۆشە و لای جەماوەر پەسند کراوە و کەسێك دووبارەی بکاتەوە، بەڵام وەك خۆی نەیڵێتەوە و تێکی بدات بەمەش مافی گۆرانییەکە نەدات وەکو پێویست.

# قەڵەوی گرفتی بۆ جیسیکا دروستکردووە



دووگیانیی گۆرانیبێژی ئەمریکی جیسیکا سێمبسۆن ئاسایی نەبوو و بووە هۆی ئەوەی کێشی لەشی بە بڕی ٣٠ کیلۆگرام زیاد بکات ئەمەش وایکرد کە زۆر کەس پێیانوابێت سکی دووانەیە.

دوای ئەوەی منداڵی بوو، جیسیکا دانی بەوە نا کە لەکاتی دووگیانیدا ڕیژیمێکی تایبەتی پەیڕەو دەکرد کە بووە هۆی ئەوەی کێشی لەشی زیاد بکات، چونکە ئەو ڕیژێمە پڕ بوو لە کالۆری و چەوری ئەویش تەنیا لەبەر ئەوەی حەزی دەکرد ماوەی دووگیانییەکەی تاموچێژێکی تایبەتی هەبێت، بەڵام ئێستا بەپێچەوانەوە هەوڵێکی زۆر دەدات بۆ ئەوەی کێشی لەشی دابەزێت و بگەڕێتەوە بارودۆخی پێش منداڵ بوونی، چونکە قەڵەوییەکەی گرفتی بۆ درووست دەکات، بۆ ئەم مەبەستەش ڕیژێمێکی توندی خواردنی بۆخۆی داناوە بۆ دابەزاندنی کێشی لەشی، خواردنی کەم کردۆتەوە و بە زۆری میوە و سەوزە دەخوات و بەردەوامیش وەرزش دەکات بەتایبەتی ئەو وەرزشەی کە پێویستی بە هێزێکی زۆری ماسوولکەکان هەیە، هەروەها ڕۆژانە ١٤٠٠٠ هەنگاو بەپێ دەڕوات بۆ ئەوەی بە خێرایی بگاتەوە کێشی ئاسایی خۆی.

# ئەدیل هێرشێکی توند دەکاتە سەر نمایشکارە هونەرییەکان



خانمە گۆرانیبێژی بەریتانی ئەدیل هێرشێکی توندی کردە سەر ئەو گۆرانیبێژانەی کە پشت بە خۆ رووتکردنەوە و بەکارهێنانی وشە و جووڵەی سێکسی دەبەستن لە پێناو ئەوەی زۆرترین بەرهەمیان لە بازاڕەکاندا بفرۆشرێت.

ڕۆژنامەی (سەن)ی بەریتانی لەسەر زاری ئەدیل بڵاویکردەوە کە هونەرمەندە رکابەرەکان ئەوانەی خۆیان رووت دەکەنەوە و وشە و جوڵەی سێکسی لە کلیپەکانیاندا بەکاردەهێنن وێنەیەکی ناشیرین بەرامبەر بە هونەر نیشان دەدەن، ئەدیل دیسان دەڵێت» لە نزیکەوە ئەوانم بینیوە شێوەی راستەقینەیان جیاوازە لەوەی کە لە میدیاکاندا نیشان دەدرێت، هەروەها دووپاتی کردەوە کە ئەگەر کێشی لەشی لاواز بێت و رووخساری وەکو نمایشکارەکانی جلوبەرگ و مۆدێلەکان بێت ئەوا بەهیچ شێوەیەك پەنا ناباتە بەر خۆرووتکردنەوە، من لەسەر شانۆ دەوەستم و تەنیا گۆرانی دەڵێم و هیچ ترسیشم لەوە نییە کە کێشی لەشم زیادە و لە هونەرمەندانی دیکە قەڵەوترم، چونکە ئەگەر رووخسارێك هەرچۆنێك بێت گرنگ ئەوەیە تۆ پێی رازی بیت و جەماوەریش بە هونەرەکەت رازی بن.



## به ماچ رزگار کرا

گۆرانیبێژ و ئەکتەری ئەمریکی جاستین ئیمبرلانك رایگەیاند کە ئیمی ئەدامـــزی ئەکتەر و هاوکاری لە فیلمی « Trouble with the Curve »توانی لە مـــردن رزگاری بکات دوای ئەوەی کەوتە نێو دەریاچەیەکی بەستوو.

تیمبرلانـــك دووپاتی کردەوە کە ئەدامـــز ژیانی لە مردن رزگار کرد لە کاتی وێنەگرتنی دیمەنێکی فیلمەکە کە پێویســـت بوو بۆ ماوەیەکی زۆر لەژێر ئاوێکی ســـارد بمێننەوە لەنێو دەریاچەیەکی بەستوو لە نزیك چیایەکانی بلۆ ریدج لـــە ئەتلانتای باکوور، تیمبرلانك هەروەها وتی: خەریك بوو لە هۆش خۆم بچم بۆیە رەنگی لەشـــم گۆڕا بەرەو شـــین، بـــەڵام ئەدامز دەســـتی کرد بە ماچ کردنم هەر ئـــەو ماچانەش بوونە هۆی ئەوەی ژیانم رزگار بکات بۆیە من قەرزداری ئەدامزم بە هەموو شێتك.

لەلایەن خۆیەوە ئیمی ئەدامز دەربارەی ئەم رزگار کردنە وتی: هەندێك کـــەس پێی دەڵێن دەم لەنـــاو دەم، هەندێکی دیکە پێـــی دەڵێن ماچ، ناوەکەی هەرچۆنێك بێت گرنگ ئەوەیە کارێکی باشم ئەنجامدا.



## داوا دەکرێت پردێک بە ناوی جاک نۆریسەوە بکرێت

دەسـەڵاتدارانی هەردوو وڵاتی نەمســا و ســلۆڤاکیا بڕیاریانداوە پردێك دروست بکەن کە هەردوو وڵاتەکە بە یەکەوە ببەســتێتەوە، هاووڵاتیانی سلۆڤاکیاش داوا دەکەن پردەکە بەناوی ئەستێرەی سینەمایی جاك نۆریس بکرێت.


دوای ئەوەی لەلایەن ئەنجوومەنی براتســلاڤیای سلۆڤاکی راپرسییەك ئەنجامدار هاووڵاتیان پێیان باش پردەکە بە ناوی جاك نۆریس بکرێت، بەڵام دەســەڵاتدارانی سلۆڤاکی ئەمەیان بە پێشنیارێکی ناپەسەند زانی، هەروەها نەمساوییەکانیش ئەم ناوەیان پێخۆش نییە، بۆیە بڕیاریان دا پردەکە بە ناوی (پردی ئازادی) بێت و تایبەتە بۆ پەڕینەوەی پیادە و پایسکل.

درێژیی پردەکە ٥٥٠ مەتر دەبێت و هەردوو ناوچەی شلوســهۆف لە رۆژهەڵاتی نەمســا و نۆڤاقیــس لە ســلۆڤاکیا بەیەکەوە دەبەســتێتەوە و بڕی ٤،٦ ملیــۆن یۆرۆی تێچووە کە ٨٠٪ی لەلایــەن یەکێتیی ئەوروپاوە دابینکراوە و ئەم پردە وەك رەمزێکە بۆ بیرهێنانەوەی ئەو سەردەمەی کە خەڵکی هەردوو ناوچەکە بە پەرژینێکی ئاسنین جیا کرابوونەوە لە سەردەمی جەنگی سارددا.

شایەنی وتنە لە ساڵی ٢٠٠٦ یش ناوی جاك نۆریس پێشنیار کرا بۆ پردێك لە هەنگاریا.

## ئەو ساتانەی ناسڕێنەوە

# (بەفرو فتبۆڵێن)



ئەحمەد سالار
مانگانە بۆ گوڵان دەینوسیت

چلەی زستانی ساڵی (١٩٥٩) بوو، ساڵێکی تەڕو تووشی و گەلێك سەخت بوو، بەفرو رەشەبا و چلوورەی شۆڕبووەوە بەگوێسەبانەو دار ئەلەکتریکەکاندا و زوقم شەختە ڕێگاو بانی گرتبوو، هەر خەڵك بوو زرمەی لێ هەڵدەساو دەست و قاچی دەشکاو، دەنگ بڵاو بووەوە کە سبەینێ یاری فتبۆڵە لە نێوانی هەڵبژاردەی شاری سلێمانی و هەڵبژاردەی گەلی (جەزائیر)، ئەو دەمە هێشتا یاریگەی (ئیدارە محەلی) دروست نەکرابوو، لە خوارووی رۆژئاوای گەڕەکی (چوارباغ)ەوە، دەشتێکی کاکی بە کاکی بوو، تەنیا گۆلاکانی هەبوو، خێرا هەر ئەو بەیانییەی یارییەکە دەکرا، چی (کا) لە مەیدانی کافرۆشانی شاردا هەبوو کە بەرامبەر گەرماوی (سوورەت) بوو، گشتی بە پشتە تراکتۆر بۆ یاریگەکە کێشکراو، تا ساتی یاریەکە ئامێری کوتاندنەوە (الحادلە) زەویەکەی بۆ یارییەکە خۆش دەکرد. رەنگە ئەو بینراوی (کا) رشتن و کوتاندنەوەیە یەکەمجار بووبێ، (کا) دیاردەیەکی

بەکارهێنانی زستانەی ئەو ساڵانەی (سلێمانی) بوو، دەبوو هەمووماڵێکیش لە پایزەوە مشووری (کا) و (باگردێن) و (بانگوش) بخوات، پەیتا پەیتاش جگە لەوەی وەك (ئالیك) بەکاردەهێنرا،دەبوو لەو مەیانە بکرێت، بەهەرحاڵ ئەو فتبۆڵێنە لەو رۆژانی بەفرو بەستەڵەکەدا، (کا)ی لەشار بڕی، بەر لە یارییەکە، بەو سەرماو سۆڵە و بەفر بارینە، زۆربەی گەنجان و مێرد منداڵان لە چوار دەوری یاریگەکە گردبوونەوە، یاریزانەکانی سلێمانی بریتی بوون لە (فایەق تایەر، هنود ساڵح، یاسین حەمە ساڵح، عومەر عەزیز، مەلا قادر، فایەق رەشی گوڵچی، قادر کەریم، عەزیز کوردی، ستار کوردی، تالیب سەید عەلی، محەمەد فەتاح) دیارە چەند یاریزانێکی کەرکووکیش بەهانای سلێمانییەوە هاتبوون، (موتەسەریف)ی سلێمانی (عەقید عادل جەلال) و بەرپرسانی وەرزش ئامادە بوون وەك خوالێخۆشبووان، کاکە (فایەق سەعید قەساب) خۆشەویستی شارو دڵسۆزی وەرزش و، مامۆستا (ساڵح ئەفەنی) و مامۆستا (عەزیز ئەفەنی)، هێندەی نەبرد هەمووان سەرتاپایان بووبوو بە قوڕو بەفر، بەتایبەت، خوالێخۆشبوو مامۆستا (فایق) کە دەتگووت هەر بە ئەنقەست، وەستای قوڕکاری سواغی داوە، تەنیا ددانەکانی سپی دەچووەوە. بەڵام جوانی و گەرم و گوڕیی و ئاست بەرزی یارییەکەی کارێکی ئەوتۆی کرد، نە بەفرو نە سەرماو تەرزەش کارمان لێ بکات، جگە لەوە ئێمە ملپێچی خوری ئەستوورمان، بەجۆرێ لەسەرو مل شەتەك دابوو، دەتگوت هەنگ دەبڕین، یان بۆ دزی دەچین، یاری کۆتایی پێ هات، (جەزائیر) بردیەوەو (سلێمانی) یەك گۆڵی لێ کردن، کە بە سەرکەوتن دادەنرا، هەرچەندە ئەوان (نۆ) گۆڵیان کردبوو. پاش یارییەکە منداڵانی گەڕەك چووینەوەو بەو ئێوارەیە، جۆشمان سەندبوو، تۆپمان هێناو گەرمبووین بەلاسایی کردنەوەی هەڵبژاردەکەی (جەزائیر)، ئەوان، هەموویان سەریان بە گوێزان سفر کردبوو، بەرگیشیان کەسك و سپی بوو. بە هاوڕێکانم، ئەندامانی تیپە لاکۆڵانەکەمانم گوت : بەیانی هەر زوو هەمووتان کۆبنەوە وەك یاریزانەکانی (جەزائیر)تان لێ دەکەم، دەتانبەم بۆ لای (مام یونس)ی سەرتاش، کە ئێمە سەرمان لا دەتاشی، دوکانەکەی لای (گومرگە سووتاوەکە) بوو، باوکم شیری دایکی خواردبوو، بەیانی هەر هەمووم برد بۆ لای (وەستا یونس) گوتم : مامە یونس، باوکم سەلامی لێ دەکردی، سەری خۆم و ئەم برادەرانەم بۆ سفر بکە. حەپەساو، گوتی: بۆچی؟ بۆ سەربازیتان نابەن! ئێوەش لەوانە نین ئەسپێ و ڕشك لەسەریان دابن و لە قوتابخانەوە ناردبێتیتان ؟

گوتم : نەوەڵڵا، ئێمە تیپی فتبوڵێنانمان هەیەو ئەمانەوێ وەك ئەوانەی (جەزائیر) مان لێ بێت، ئیدی یەکەم کەس، سەری خۆمی (سفر) کرد، هێندەی نەبرد هەر هەموومان بە سەری لووسەوە گەڕاینەوە ماڵێ، ئەوسا مشووری کراسی کەسك و سپی (جەزائیر)مان خوارد، ژنێك ماڵی لای قوتابخانەکەمانەوە بوو، بۆی دورین هەر کە کراسەکانمان وەرگرتەوە، لەو شوێنەوە لەبەرمان کرد وا بزانم شەویش بەو سەرمایە، هەر دەمانویست پێوەی بخەوین، کە لە خۆم دەڕوانی، ئەوانمان وەبیر دەهاتەوە. هەرچەندە ئێمە، ئەو دەستە مێرد منداڵە، بەتایبەت کە بەیەکەوە دەگەڕاین، مایەی سەرنج راکێشانی خەڵکەکە بووین، ئیدی تانەو تەشەرەو توانجیان تێدەگرتین. ئەو دەمە وا باوبوو، کە قوتابیان دەچوونە سەیرانی بەهاران، رۆژی لەوەو پێش لە ترسی باران بارین، نەبادا سەیرانەکەیان لێ تێکدا، ناوی پەنجا کەچەڵیان دەنووسی و بە لقی درەختێکدا هەڵیاندەواسی، گوایە ئەو کەچەڵە لیستە بەفریادیان دێت و بەیانی سایەقەی ساماڵ دەبێت. بۆیە بە شۆخی و لاقرتێ پێ کردنەوە دەیانگوت : بەخوا یەکاو یەکن گەڕان و خۆماندووکردنی ناوێت، کەچەڵە لیستێکیان پێ پێکدێ. بەڵام چونکە خۆمان بەو یاریزانانە دەزانی، هیچ باکمان لێی نەبووە، ئەو بەفرو یارییە بووە وێردی سەر زاری هەمووان، بەتایبەت، مێرد منداڵان و گەنجان و سەرجەم وەرزشوانان. ئەوانە رۆژانێك بوون، بازیان بەسەر، بزربوون و سڕینەوەدا دابوو، رۆژانێ بوو، مامۆستا (یاسین حەمە ساڵح) نموونەی باڵای وەرزش بوو، بە شەهید کردنی لە حوزەیرانی (١٩٦٣) ئەستێرە گەشەیەکی نازداری گەلەکەمان لە ئاسمانی وەرزشدا ئاوابوو. دەکرێ لەبیر بچێتەوە ؟ هەرگیز لەیاد ناکرێت و لەچوارچێوەی ئەو شتانەدایە کە ناسڕێنەوەو نەخشی هەتا هەتاین لە زەینی من و شارەکەمدا.

هەر لەو ساڵەدا تیپێکی فتبۆڵ لە گەڕەکەکەماندا دامەزرا، منیش بوومە ئەندامی ئەو تیپە ناوی تیپی بروسکە بوو، بەتەمەن لە هەموویان گچکەتر بووم، دوکانێکیان کردبووە بارەگا، دارو دیواریان کردبوو بەوێنەی رابەرانی (کۆمینێست)، لە چەندین وێنەی (مارکس) و (ئەنجلیس) و (لینین) و (ستالین) و (کاسترۆ)، هەتا (خرۆشوف)، منیش لە ماڵەوە وێنەیەکی نازداری (بارزانیی نەمر)مان هەبوو، کە لە (سۆڤیت) بەچاکەت و پانتۆڵەوە گرتبووی دەستی راستی لەسەر دڵی دانابوو، هونەرمەند (حەمە صالح دیلان) کە فەرمانبەر بوو لە گەنجینەو گەراجی (ئیدارە محەلی)، دراوسێمان بوو، دابووی بە کاك حاجی محەمەد سەرداری برام، منیش وێنەکەم هەڵگرت و بردم بۆ بارەگای تیپەکە، کورسییەکم راکێشا و چوومە سەری، وێنەکەم لەسەرووی هەموانەوە داناو زۆر دڵم بەو کارەم خۆش بوو، بەڵام ئەوەی چاوەڕوانم نەدەکرد، ئەو سزایە بوو کە بۆ رۆژی دوایی دایانمێ، ئەویش دەرکردنم بوو لە تیپەکە، ئەوە یەکەم سزا بوو لە ژیانم دا کە دابوویانم، سزا لەسەر خۆشەویستیی (بارزانی)، لەگەڵ ئەوەشدا هەستم بەوە کرد (کە هەم) و، ئەو خۆشەویستییەی مێرد منداڵی گەورەتر بوو منیشی گەورەتر کرد.. ئەو سزایەش چووە ئەلبوومی زەینەوە، کە هەرگیز ناسڕێتەوە ...